## میکرۆئورگانیزمەکان و شۆڕشی زانستیی

بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ،٩٩،٩٩ لە سەدی بوونەوەری سەر ئەم هەردە بۆ مرۆڤ شاراوە مابۆوە: میکرۆئورگانیزمەکان. دیارە بوونیان بۆ ئێمە زۆر حەیاتییە. هەر مرۆڤێك لە لەشیدا ملیاردان میکرۆئورگانیزم لەگەڵ خۆی دەگێڕێ. ئەوان باشترین هەڤاڵ و سامناکترین دوژمنی ئێمەی مرۆڤن. خواردەمەنی ناو گەدەی ئێمە هەزم دەکەن، دەبنە هۆی پاککردنەوەی ڕیخۆڵە و جار و باریش دەبنە هۆی مردنی مرۆڤ.

ساڵی ١٦٧٤ مرۆڤ تووشی یەکەم میکرۆئورگانیزم هات کاتێ ئانتۆن ڤان لێوینهۆیك "Anton van Leeuwenhoek" (١٦٣٢ تا ١٧٢٣) پشکێنەری سرووشتیی هولەندی بە میکرۆسکۆپێك کە خۆی دروستی کردبوو، دڵۆپە ئاوێکی سەیر کرد و دنیایەك ئورگانیزمی بچووکی تێدا دی کە بەردەوام لە هات و چۆ دا بوون.

لە سێ سەد ساڵی ڕابردووەوە مرۆڤ چەندین چەشنی میکرۆئورگانیزمیان ناسیوە کە تاقمێکیان بەربەرەکانی لەهەنبەر مەترسیترین نەخۆشییەکاندا دەکەن و بڕێکیشیان لە خزمەت بە زانستی پزشکی و داڕووسازیدان. ئەمڕۆ مرۆڤ بە یارمەتی ئەو میکرۆئورگانیزمانە دەتوانێ چەشن باکتریەك دروستکا کە بە شێوەی دەرمان دەبنە هۆی کوشتنی پارازیت و میکرۆبە ترسناکەکانی ناو لەش.

کاتێکی تایبەت لە مێژوویی ٥٠٠ ساڵی ڕابردوو کە لەگەڵ هیچکام لە دۆزینەوەکانی زانستیی ئەم جیهانە هەڵناسەنگێندرێ، بەیانی ڕۆژی ١٦ی مانگی ٧ی ساڵی ١٩٤٥، کاتژمێری ٥ و ٢٩ خولەك و ٤٥ چرکە بوو. لەو ڕۆژەدا زانایانی ئەمریکایی لە شاری ئالامۆگۆردو "Alamogordo"ی نیۆ مێکزیك یەکەم بۆمبی ئەتۆمیان تاقی کردەوە. لەو کاتەوە مرۆڤ ئەو ئیمکانەی بۆ فەراهەم کرا کە نەك هەر لایەنی مێژوویی جیهانی پێ بگۆڕێ، بەڵکوو بتوانێ کۆتاییشی پێ بێنێ.

ئەو پەرەسەندنە مێژووییەی لە لایەکەوە مرۆڤی لە شاری ئالامۆگۆردو چالاك کرد و لەم لاشەوە مرۆڤی ناردە سەر پلانێتی مانگ، بە ناوی شۆڕشی زانستی ناودار بووە. ئەگەر سەجەم مرۆڤی ئەم جیهانە هاوکات لەگەڵ ئەو شۆڕشە شاهیدی هێزێکی لەو چەشنە بوە، هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەڵك وەرگرتن لە کانزا سرووشتییەکانی جیهان بۆ بەڕێوەبردنی تاقیکاریی زانستی سرووشتی. ئەو کارە بۆیە شۆڕشی زانستی ناو لێنراوە، چونکە مرۆڤ پێش سەدەی ١٥ لەسەر ئەو باوەڕە نەبووە، یاخود هەوڵیشی بۆ نەداوە کە بەو چەشنە لە بوارەکانی پزشکی، سەربازیی یا ئابووری پێشکەوتووخوازی پێك بێ. سەرمایەداران و بەهێزانی ئەو سەدرەمە پەیتا پەیتا بۆ بردنە سەری پلەی زانست و

ڕۆشنبیری پارە و کاتیان تەرخان کردووە، بەڵام مەبەستی ئەوان زیاتر ڕاگرتنی ئەو لێهاتووییانە بووە کە لە کۆمەڵگاکەیاندا بوونیان بووە، نەك پێکهینانی نوێیخوازی. ئەوان لە باری ئابوورییەوە پشتیوانیان لە مرۆڤی ئایینی، فیلەسۆف، و ئەدیب و شاعیر کردووە کە تەنیا بەفەرمیبوونی حکوومەتەکەیان بۆ گارانتی بکەن و ڕێك وپێکی لە ناو کۆمەڵگادا پێك بێنن. ئەرکی ئەوان ئەوە نەبووە دەرمانی نوێ و باشتر بدۆزنەوە، چەکەمەنی نوێ دروست کەن یا ببنە هۆی گەشانەوەی ئابووری.

بەڵام بە پێچەوانە لە ٥٠٠ ساڵی ڕابردووەوە مرۆڤ ئەو باوەڕەی تێدا پێك هاتووە کە بە تەرخانکردنی سەرمایە بۆ تاقیکاریی زانستی، هێزی تایبەت وەدەست دێنێ. داهاتوو سەلماندویە ئەو باوەڕە باوەڕێکی کوێرانە نەبووە و بە هێزی سەرمایە توانراوە مرۆڤ بچی بۆ سەر پلانێتی مانگ، میکرۆئورگانیزمی نوێ بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشییەکان دروست کا، یا بۆمبی ئەتوم ساز کا.

سێ چەمکی "هێز"، "کانزای سرووشتی" و "تاقیکاریی زانستیی" وەك پێکهێنەری بازنەیەکی بەهێز بە یەکەوە بەستراو شۆڕشی زانستییان مسووگەر کردووە.

درێژەی هەیە...